# فەزڵ و پاداشتی

# مانگی موحەڕەم و ڕۆژووی عاشورا

[ بە کوردی ]

فضل وأجر شهر الله المحرّم وصيام عاشوراء

[ باللغة الكوردية ]


نوسینی : حاجی ئومید چروستانی
الكاتب : حاج ئوميد جروستاني

پێداچونەوە: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز



نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# فەزڵ و پاداشتی

# مانگی موحەڕەم و ڕۆژووی عاشورا

مانگی موحەڕەم یەکێکەلەچوار مانگەکەی کەبە( الاشهر الحرم ) ناسراون واتەئەو چوار مانگەی کەشەڕ و شۆڕ و خراپەکاریات تیادا بەرامبەر یەکتر حرام کراوە_ ئەمەش مانای ئەوەنیەکەلەمانگەکانی تردا حرام نیە- بەڵکو مانای ئەوەیەکەلەم چوار مانگەدا گوناهـ وتاوانەکەی زیاترەلەمانگەکاتی تر ، ئەو مانگانەش چوار مانگن ،ئەوانیش مانگەکانی ( رجب ، ذو القعدة ، ذو الحجه، محرم ) ن ، ئەمەش ڕای پەسەندی حەسەنی بەصری و زۆرێك لەزانایانی موتەئەخرینە.

لەبارەی فەزڵ و پاداشت و گەورەیی مانگی موحەڕەمیشەوەکۆمەڵێکی زۆر لەفەرموودەی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) هاتووە.

ئەبو هورەیرە( خوای لێ ڕازی بێت ) لەپێغەمبەری خواوە ( صلی الله علیه وسلم ) دەگێڕێتەوەکەفەرموویەتی : أفضل الصيام بعد شهر رمضان: شهر الله الذي تدعونه المحرم" (رواه مسلم ) (١).

واتە: باشترین ڕۆژوویەك دوای ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ڕۆژووی ئەو مانگەیەکەپێی دەڵێن موحەڕەم .

ئیصافەکردنی ئەم مانگەش بۆ لای خوای گەورەو ناو هێنانی بە( شهر الله المحرم ) بەڵگەیەلەسەر فەزڵ و پلەو پایەو گەورەی ئەم مانگە، چونکەپەروەردگار یان پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) شتێك یان کارێك ئیضافەناکەن بۆلای پەروەردگار ئیللا بەڵگەیەلەسەر فەزڵی ئەو کارە، بۆ نمونە: کاتێك ناوی ئیراهیم پێغەمبەر ( علیه السلام ) ئیصافەدەکرێت و دەوترێن ( خلیل الله ) بەڵگەیەلەسەر ڕێز وحورمەتی و مەکانەتی ئەو ، یان دەوترێت ( بیت الله ) مەبەست لێی دیسان ڕێو پلەوپایەی کەعبەیە، یان ( رسول الله ) بەهەمان شێوەمەبەست پێی شەرەف و تەشریف و ڕێزی پێغەمبوری خوایە( صلی الله علیه وسلم ) .

کەواتەکاتێك ئیصافەی مانگی موحەڕەم دەکرێت بۆلای پەرورەدگار ودەوترێت ( شهر الله المحرم ) مەبەست پێی ڕێز و پلەو پایەی ی ئەم مانگەیەلای خوای گەورە.

پڕ فەزڵترین ڕۆژەکانی ئەم مانگەش ( مانگی موحەڕەم ) دەڕۆژی یەکەمی ئەم مانگەیە، ئەبو عوثمانی نەهدیش لەم بارەیەوەدەڵت : پێشتر سێ دەڕۆژیان بەگەورەداناوە، دەڕۆژی کۆتای مانکی ڕەمەزان کەبەشەوەکانی قەدر ناسراوە، دەڕۆژی یەکەمی مانگی ذی الحجة ، و دەڕۆژی یەکەمی مانگی موحەڕەم .

لەبارەی دەڕۆژی یەکەمی مانگی موحەڕەمیشەوەوتراوە: کەئەو دەڕۆژەن کەپەروەردگار ئەو چل شەوەی پێ تەواو کرد کەلەگەڵ ( موسی پێغەمبەر - علیە السلام - ) دیار کردبوو کەقسەی لەگەڵدا بکات کاتێك کەدەفەرموێت ( و واعدنا موسی ثلاثين ليلة وأتممنها بعشر فتم ميقات ربه أربعين ليلة) سورەتی الأعراف ١٤٢ ، واتە: پەیمان و بەڵێنمان بەموسی دا بۆ گفتو گۆ و قسەلەگەڵ کردنی بەسی شەو ، پاشتر بەدەشەوی تر ئەو ماوەو بەڵێنەمان تەواو کرد ، ئەوسا کات و وەختی دیداری پەروەردگاری بوو بەچل شەوی تەواو .

جا ووتراوەقسەو گفتوگۆی پەروەردگار لەگەڵ موسی پێغەمبەردا ( علیە السلام ) لەو دەشەوەدا بوو کەبۆی تەواو کراوەئەو دەشەوەیش دەشەوی یەکەمی مانگی موحەڕەمە.

بێ گومان رۆژی عاشورا دەیەمی ڕۆژی مانگی موحەڕەمە، فەزڵێکی ئیجگار گەورەی هەیەو حورمەتێکی گورەشی هەبوو لەکۆندا ، ئەوەیش بەوەی ئەو رۆژەبووەکەپەروەدگار تەوبەی لەحەزرەتی ئادەم( علیە السلام ) وەرگرت پاش ئەوەی کەئەو بێ فەرمانیەی خوای گەورەی کرد و بوو بەهۆی دەرکردنی لەبەهەشتی ،و ئەو ڕۆژەیش بووەدیسان پەروەردگار تەوبەی لەقەومی حەرەتی یونس ( علیە السلام ) وەرگرت ، عاشورا بەووتەی هەندێك لەزانایانی تەفسیر ئەو ڕۆژەیشەبە( يوم الزينه) ناسراوەلەقورئاندا کەموسی ( علیە السلام ) موعدی دانا بۆ ڕووبەڕووبونەوەی فیرعەون وجاودووگەرەکان و دواتر خوای گەورەموسی ی سەرخست بەسەریاندا و بەئیمان هێنانی جادوگەرركان کۆتای هات ، هەر ئەو رۆەشەکەپەروەردگار موسی و ئیماندارانی ڕزگار کرد و فیرعەون و هامان و شوێنکەوتوانیانی غەرقی دەریای نیل کرد ، هەر ئەم عاشورایەهەموو پێغەبەرانی پێشووتریش (على نبينا وعليهم الصلاەوالسلام) تیایدا بەڕۆژوو بوون و بەڕێزەوەسەیریان کردوە، لەفەرموودەیەکدا هاتوەکەپێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: ( يوم عاشوراء كانت تصومه الأنبياء قبلكم فصوموه أنتم ) (٢) ، واتە: ڕۆژی عاشورا پێغەمبەرانی پێش ئێوەهەمویان تیایدا بەڕۆژوو بوون ئێوەش بەڕۆژوو بن تیایدا .

خاوەن کتێبەئاسمانیەکانیش لەجولەکەو گاورەکان لەم ڕۆژەدا بەڕۆژوو دەبوون ، هەروەها ووتەیەکیش هەیەئەڵێت قورەیشیش لەزەمانی جاهلیدا لەم ڕۆژەدا بەڕۆژوو بوون ، هەروەها پێغەمبەری ئیسلامیش ( محمدی خاتم الانبیاء ) لەڕۆژی عاشورادا

بەڕۆژوو بووەو فەرمانیشی کردوەبەموسڵمانان پێش ئەوەی مانگی ڕەمەزانیان لەسەر فەرز بێت کەلەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو بن ،

لەفەرموودەیەکی صەحیحدا کەبوخاری و مسلم ڕیوایەتیان کردوە لەعبد الله ی کوری عەباسەوە( خوایان لیّ ڕازی بێت ) کەفەرمویەتی : قدم النبي صلى الله عليه وسلم المدينة فوجد اليهود صيامًا يوم عاشوراء. فقال: "ما هذا اليوم الذي تصومونه؟" قالوا: هذا يوم أنجى الله فيه موسى وقومه، وأغرق فرعون وقومه، فصامه موسى شكراً فنحن نصومه، فقال صلى الله عليه وسلم: "نحن أحق بموسى منكم" فصامه وأمر بصيامه (٣) .

واتە: کاتێك کەپێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کۆچی کرد بۆمەدینەی منورەبینی کەجولەکەکان لەڕۆژی عاشورادا بەڕۆژوو دەبن ، پرسی ئەم ڕۆژەچیەکەجولەکەتیایدا بەڕۆژوو دەبن ؟ وەڵامیان دایەوە: ئەمەئەو ڕۆژەیەکەپەروەردگار موسی ( عليه السلام ) و ئیماندارانی تیادا ڕزگار کرد لەدەستی فیرعەون و شوێنکەوتوانی وغەرقی ناو دەریایی کردن ، جا لەشوکری ئەو نیعمەتەگەورەیەدا موسی پێغەمبەر بەڕۆژوو بوو ، ئێمەش بەڕۆژوو دەبین ، لەپاشاندا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : ئێمەبەموسی لەپێشترین لەئێوەی جولەکە، پاشان لەڕۆژی عاشورادا بەڕۆژوو بوو فەرمانی کرد بەهاوەڵەبەڕێزەکانیش کەبەڕۆژوو ببن .

لەصەحیحی مسلم یشدا هاتووە: أن رجلاً سأل النبي صلى الله عليه وسلم عن صيام عاشوراء فقال: "أحتسب على الله أن يكفر السنة التي قبله "(٤) .

واتە: پیاوێك سەبارەت بەڕۆژووی عاشورا پرسیاری کرد لەپێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەویش لەوەڵامدا فەرمووی : ئومێدەوارم لای‌خوای گەورەکەبیکات بەمایەی سڕینەوەی گوناهی ساڵێکی پێشووتر .

لەفەرموودەیەکیشدا هاتوەکەعەبدوڵلای کوری عەباس لەپێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم ) ڕیوایەتی کردوەکەفەرمویەتی : لئن بقيت إلى قابل لأصومن التاسع " (٥).

واتە: ئەگەر پەروەردگار تەمەنمان بدات بۆ ســـاڵی داهاتوو ڕرۆژی نۆهەمیش دەگرم ( واتەڕۆژێك پش عاشورا .

ئەمەش بۆ ئەوەیەکەئوممەتی ئیسلام پێچەوانەی جولەکەکان بکەن لەم کارەشدا ، چونکەپێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) لەسەرجەم کارو عیبادەتەکاندا فەرمانی کردوەبەموسڵمانان کەهەمیشەپێچەوانی ئەهلی کتاب بن و موخالفەی ئەوان بکەن ، هەر بۆیەلێرەشدا فەرمویەتی ساڵی داهاتوو دەبێت ڕۆژی نۆهەمیش بگرم ئەویش لەبەر ئەو ومخالفەیەی کەباسمان کرد .

لەم بارەیەشەوەفەرموودەگەلێکی زۆر هەن کەبەڵگەن لەسەر گەورەی و فەزڵی ئەم ڕۆژەبەڵام بەوەندەئیکتفای پێ دەکەین ط

ئێستاش دێینەسەر مەسئەلەیەکی تر ، ئەویش ئەوەیە ڕاو بۆچوونی زانایانە سەبارەت بەوەی ئایا پێش فەرز بوونی مانگی ڕەمەزان ڕۆژوو گرتنی عاشورا فەرز بووەلەسەر موسڵمانان یان نەء ؟

ڕای یەکەم : بۆچوون و ڕای ئیمامی ئەحمەد و ئەبو حەنیفەیەکەپێیان وایە، پێش ئەوەی مانگی ڕەمەزان فەرز ببێت لەسەر موسڵمانان ڕۆژوو گرتنی عاشورا واجب بووەلەسەریان .

ڕای دووەم : ڕای ئیمامی شافعی یەو دەڵێت سونەتی مؤكد بوە، ئەمەش ووتەی زۆربەی زۆری زانایانی مەزهەبی شافعی مەزهەبی حەنابلەشە.

زۆرێکیش لەزانایانی و ئەهلی سەلەف ئەگەر لەسەفەریشدا بوو بن هەر ئەم ڕۆژەبەڕۆژوو بوون ،وەك ( عەبدوڵڵای کوری عەباس ، و ئەبو اسحاق و ئیمامی زوهری، ئەویش لەبەر ئەوەی کەڕۆژووی مانگی ڕەمەزان ئەگەر لەسەفەریشدا بەڕۆژوو نەبیت خوای گەورەڕۆژانێکی تری داناوەکەتۆڵەیان بکرێتەوەو تیایدا بەڕۆژوو ببیتەوەبەبەڵگەی ئایەتی ( فعدة من أيام أخر ) ، بەڵام ڕۆژووی عاشورا تۆڵەو قەرەبوو ناکرێتەوە، بۆیەسەلەفی ئەم ئومەتەوویستویانەئەو پاداشت و خێرەگەورەیان لەکیش نەچێت ، ئەمەش ووتەی ئیمامی ئەحمەدە.

لەکۆتایدا لەخوای گەورەداواکارم سەربەرز و سەرفرازی دونیاو قیامەتمان بکات ان شاء الله و لەلطف و میهرەبانی خۆیشی لەتاوان و گوناهەکانمان خۆش ببێت .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم

پەراوێزەکان :

(١) أحمد (٢/ ٣٤٢) واللفظ له، ومسلم (١١ ٦٣) بنحوه .

(٢) ابن أبي شيبة (٣/ ٥٥)، وإسناده ضعيف؛ لضعف إبراهيم الهجري.

(٣ ) البخاري (٢٠٠٤)، ومسلم (١١٣٠).

(٤ ) مسلم (١١٦٢) من حديث عبد الله بن معبد الزماني، عن أبي قتادة مرفوعًا مطولاً. قال البخاري في (التاريخ) (١٩٨/٥): عبد الله بن معبد الزماني لا نعرف سماعه من أبي قتادة.

(٥ ) مسلم (١١٣٤).